# بارانی ناڵە

حەمید کەشکۆلی

قەلاکانی مندالی قەت جێ ناهێلی ،
لەگەل گەورەدا بۆت نییە گەمە بکەی ،
حیکمەت و قسەی گەورەت بێ کەلکن،
بەردەکانت لە بنی هەیەجاندا لە بەردی دیکە شیرنترن،
ئیتر بەردی فەیلەسوفان بهاوێژە گۆمێ تاکو تەماشای رەقسی مانگ لە نووردا بکەین و
ئۆخژنێک بکەین و ئاسوودە بین!

مندالی دەروونت گەورە نابێ،
وا بە لم یاری دەکا،
بە پلنگان گالتە و تەشخەلە دەکا،
قەسری وا ئاوەدان دەکا ، خختۆکەی پێی ئالیهەکان دەدەن ،
لەگەل هەلۆ شاخشاخێن دەکەن،
لەنێو قەپالمدا هەپروون هەپروون دەبن ،
بە تۆزی حەپەسان هەلدەگەرێن.

خەونە رەنگینەکانت لە گیادا دەتاوێنەوە،
سواری گلکۆی شێخی گەورە دەبی ،
ئەسپی کێلەکە بە حەوادا تاودەدەی،
ئەتوو سندبادی ، سندباد !
بە نێو ئاوریشمی حەکایەتە لێلەکاندا دەرۆی ،
کاروانان باری سەرسورمانی چرا و بەرائەتی شەیتانیان پێیە،
وێلن لە دالانەکانی هەوری تەیراندا ،
تەیری وێل بە دووی سیمرغ.

دەنگم دەردێکی کەرە ، بە پەتی گروگالت لە هەورازەکانی میحرابی نفرین خنکاوە.
ئەتوو زەمەنی توایەوەی لە نێو دەستمدا،
چاوم لە نێو عینادە ئاوییەکەتدا گێژ بوون،
راوەستاوی لە نێو تەمی بیدەنگیی بە وشە رازاو،

وشەگەلیک شەپۆلان حەزیان لێ کردوون.

شەوێ .. توانەیەوە   بە نامۆیی پێچراوەکەت بەسەرم دەکاتەوە ،
گورگەکە بە رەنگەکانی نێو سەبەتەی پشکۆکان دەسپێرم،
جنۆکەکانی ئاو لە دووی سێبەرە رووتەکەتدا تۆفان داوێژن ،
ئاسمان بارانی رازی دررک دەبارێنێ ،
دررکێک وا زوو دەبنە شنەی بەیانیانی هاوین بەسەر هەنیەتدا،
هەنیەیەک لە بێکۆتاییدا مەلە دەکا.

**مالموێ\ سوئیدێ**
**5/20/2005**